KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-9-2007 17:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆر لەوە بەهێز ترە کە تالانچیەکان خۆیان بۆ مەلاس داوە!! ... باوکی شازاد**

ئەوەی ئێستا سایتی کوردستان پۆستی بەڕێز بخوێنێتەوە زۆر هەواڵی سەیرو سەمەرە دەبینێت، هەر لە هێرش کردنە سەر (هەڤاڵ مام جەلال و دکتۆر ئەرسەلان بایزوکاک مەلا بەختیار) و زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی، لە هەمووشیان سەیر تر ئەوەیە باس لە دروست بوونی چەند گروپێکی توند ڕەوی بەناو کۆنە کادیرەکانی یەکێتی بە ناوی (تۆڵەو، مافسێن وهاوار) دەکات بە بۆچونی ئەوانە چاوەڕوان دەکەن و خۆیان مەلاس داوە ی. ن. ک هەڵبوەشیتەوە یان هەڤاڵ مام جەلال شتێکی بەسەر بێت و وەکوو ڕژێمی بەعسیان بە سەر بێنن، ئەوانیش هەڵبستن بە تالان کردنی ماڵ و سەروەتی لێپرسراوەکان، کە گوایە بە قسەی ئەوان بە دزەکانی ناو یەکێتی ناویان بردوونە بەڕێزان (عومەر فەتاح و مەلا بەختیاروحاکم قادر) گوایە تانها ئەوانەن خوینی شەهیدانیان بە تالان بردوە و سومعەی یەکێتیان بردوە، بۆیە دەبێ سزا بدرێن هەروەک عارەب ووتەنی دیارە کوردستان بوە بە (حارەت کول مەن ئیدو ئیلە) کەس نیە بەر پەرچیان بداتەوە بۆخۆیان دەبن بە حاکمی موتلەق، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەر کەسێک کە دژی دیاردەی دزی و گەندەڵیە، بەڵام ئەوەی کە من دەیبینم شتیکی زۆر نامۆیە لە کوردستان بەم شێوەیە خەڵک سزا بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر دزی و گەندەڵی هەبێت زۆر لایەنی تێدابەشدارە هەر تەنها ئەو سی چوار کەسەنین کە ناویان هاتوە، ئەگەر ئەو گروپە مافیا چەشنانەی کە خۆیان کردۆتە سەر قافلەی تۆڵە سەندنەوەو هەرو گیف دەکەن لە لیپرسراوەکان ئەوا زۆر خەیاڵیان خاوە کە خەڵک فریو بخوات جارێکی تر پشتی ئەو جۆرە کەسانە بگریت و لە سەر حیسابی ئەوان خۆیان دەوڵەمەند بکەن، جەماوەر بکەن بە قاڵدرمە بۆ گەیاندنیان بە مەرامەکانی خۆیان، هەر وەک پێشتر کردیان وە بە چاوی خۆمان دیمان چیمان بۆ کردن ئەوانیش چیان بەسەر ئێمە هێنا، لە دواییش کەس خەڵکی ڕەش و ڕوتی کوردستانی لە بیر نەماو هەرکەسە خزم و برادەرەکانی خۆیان هێناو کردیان بە کەڵەگا لە سەر خەڵکی بێ دەسەڵاتی کوردستان تازەش کار لەکار ترازاوە خۆیان جێگیر کردوە لە هەموو بوارەکان، لەبیرتانە لە کاتی ڕاپەڕینی 1991 چۆن خەڵکی سقێل جوانترین سەیارەو چەکی کە دەستی دەکەوەت پێشکەش بەپێشمەرگەکانی حیزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی دەکرد، دەیان ووت هەر لە خۆیان دێت با پیرۆزی ئەوان بێت، دیارە لە دوایی دەرچوو کە جەماوەر بە ساویلکەیی خۆی هەڵس و کەوتی دەکرد هەندێک کەس بە نەفامیان تێدەگەیشتن، خەڵکەکە ئەوساکە زۆر پاک بوو بە هەستی کوردایەتی کاریان دەکرد هیزی پێشمەرگەیان خۆش دەویست، دەبا ئیستا ئەو ڕۆژانە بگەڕێتەوە بزانە کەسێک حیسابیان بۆ دەکات؟ تازە بە تازە چەند گروپێکی تێنوو برسی کە نەیانتوانیوە ئەوانیش وەکو ئەوان دزی بکەن و دەوڵەمەند ببن لەبەر هەر هۆیەک بێت دەیانەوێت دیسان دەستی خەڵک بخەنە قۆرتەوە بە ناوی ئەوەی کە تالانی ماڵە مەسئولەکانی ناو یەکیتی دەکەن دوایی لە سەر بنەماڵە ی شەهیدان و لێقەوماوان دابەشی دەکەن، کاکە ئەو ڕۆژە رۆیشت خەڵک ئێستا باش سەری لە ڕوداوەکان دەردەچێت پێویست ناکات ئێوە خۆتان ئەزیەت بدەن خانەوادەی شەهیدان موحتاجی پاتاڵی ماڵی هەڤاڵە دێرینەکانی ڕۆڵە شەهیدەکانی خۆیان نین تا چاوەڕوانی ئەو رۆژە بکەن کە یەکێتی هەڵبوەشێتەوە ئینجا ئێوە بچن تالانیان بۆ بکەن، ئێمە بە بەشی خۆمان ڕازین و هیچمان لێیان ناوێت هیوا دارین ڕوحی شەهیدەکانمان ئارام بێت و ئەوەی دەرهەق بە ئێمە کرا تازە ناگەڕێتەوە مافی ئێمە ئەگەر خورابێتیش هیوادارین لە شوێنی ترو لە کاتی تر قەرەبوو بکرێینەوە، کە یەکێتی نەما ئێمەش ژیانیانمان ناوێت چی لە پارەو پوڵ و ماڵی تالان کراوبکەین پاش مەرگی یەکێتی، کەسوو کاری شەهیدان ڕازین لەسەر ئەوەی کە هەرچی هەیانەونیانە بە سەرو بەماڵ بیکەن بە فیدای ئەو یەکیتیەی کە بە خوێنی ئاڵی ڕۆڵەکانی ئەوان ئاودراوەو گەشەی کردوە و هەروەک چۆن لە ڕابوردوش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کردویانە، مەرج نیە ئێستا خەڵکانێکی تر لە ناو ڕیزەکانی یەکێتی تەرەتێن دەکەن و ئیمەش کەوتوینەتە دەرەوەی بازنە، هەتا ماوین قبووڵ ناکەین بەرهەمی خوێنی شەهیدەکانمان ئاوا بە فیڕۆ بچێت، لەبەر هەڵەی چەند لێپرسراویک چاوەڕوانی ڕۆژێکی ڕەش بکەین بۆ یەکێتی، هەر لێرەوە من بانگ لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەم وەکوو یەکێک لە خانەوادەی شەهیدان هەر چەندەی زووەو پێتان دەکرێت خۆتان یەکخەن دژی ئەو دەنگە نەشازانەی کە گوێمان لێ دەبێت، هەرچی پێتان دەکرێت لە ئیمکانیاتی ماددی و مەعنەوی خۆتان بیخەنەژێر خزمەتی کۆکردنەوەی ماڵی یەکێتی و واز لەو کوتلەو کوتلەبازیە بینن باشترە بۆ هەموومان، بەهەر شێوەیەک بێت خۆتان پاک بکەنەوە لە دزو گەندەڵەکان تاکوو کەس جورئەت نەکات بەم شێوەیە تەمەننا بخوازێت کە یەکێتی تەفرو تونا ببێت و ماڵی لێپرساوەکان تاڵان بکرێت، خۆبەچاوی خۆتان دەبینن و گوێتان لێ یە ئەی سەرکردەکانی یەکێتی چۆن بە ڕۆژی ڕوناک و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان هەڵپەرستان لە ئامادەباشی دانە بۆ شکاندنی کەرامەتتان و بەتاڵان بردنی سەروو ماڵ و سەروەتتان و هەر خواش دەزانێت مەبەستی چی تریشیان هەیە لە گەڵتان بیکەن، بەسیەتی ئەو پچڕ پچڕیە کە یەکێتی نەما ئیوەش بە هیچ ناچن هەر هەمووتان لە کووچەو کۆڵانەکان دەکوژرێن بەدەستی (مەجهول) ئەوەی کە دەمێنێتەوە بە بیانوی جیا جیا ڕاپێچی دادگاکانتان دەکەن، خێرا بە هۆشی خۆتان وەرنەوە جارێکی تر دڵمان خۆش بکەنەوە پێکهاتنەوەی سەرا سەری بکەن خۆتان بە هێز بکەنەوە زەرەر ناکەن بە گوێمان بکەن هەر چەندە ئێوە سەرکردەی ئیمەن بەڵام دیارە ئەو مەترسیەی لای ئێمە پەیدا بوو ئێوەی سەرکردەکان هەستی پێ ناکەن، ئەی جەماوەری خۆ ڕاگری یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەسەرکردەو پێشمەرگەو ئەندامەکانی ناو ڕێکخستن دەبێ ئەوە باش بزانن کە هەموومان لە ناو یەک پاپۆڕدا لەنگەر دەخۆین هەر کارەساتێک ڕوبدات هەمووممان بە یەکەوە لە ناو دەچین، ڕیفۆرم خوازو ناڕیفۆرم خواز بە یەک شەپۆڵ نقوم دەبێت کەس نیە دەربازی ببێت بۆیە پێویستە لە سەر هەموو لایەک یەکیتی وەک بیلبیلەی چاوی خۆیان بپارێزن، ڕاستە چەم بێ چەقەڵ نابێت لە ناو هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی خەڵکی باش و خراپ، دزو شەریف، ئازاو ترسنۆک هەیە، بەڵام دەبی لە گەڵ هەر هەموان شیوەی شەفافیەت بەکار بهێندرێت بۆ ئەوەی بە نەرموو نیانی لە یەکتر جیا بکرێنەوە نەوەک دەست بدەیتە قامچیەک وەکوو جەللادەکان بەهەوەسی خۆت گولبژێری بکەیت خەڵک لە خۆتەوە دارکاری بکەیت، با یاسا سەروەر بیت باشترە لەوەی خەڵک جیی یاسا بگرێتەوە، ئەگەر کار وابەڕێوە بچێت دەبێت بە پاشا گەردانی هەرکەس بە هەوەسی خۆی لێدەخوڕێت، من زۆر پێم سەیرە ئەو خەڵکانە چۆن بەم شێوەیە دەتوانن خۆیان بناسێنن بە جاماوەر لە ڕیگای تاڵان کردنەوە دەیانەویت خزمەتی گەل و نیشتمان بکەن!!!! کەس لاری لەوە نیە کە تاوەنبار بگات بە سزای خۆی، بەڵام بەو شێوەیە نا، کەس ناتوانێت خۆی بکات بە یاساو دادگا ئەگەر یاسا هەبێت ڕۆژێک دێت دەبێ دزوو گەندەڵەکان سزا بدرێن، منیش لە گەڵتانم زۆر کەسی هەلپەرست بە تایبەتی لەناو ڕیزەکانی پارتی و یەکێتی فرسەتی وەر گرتوە هەر وەک لە پێشتریش لە زۆر شوێندا باسم کردوە کە خەڵکانێکی بی خەبات و بی ئەوەی ڕۆژیک لە ڕۆژان لە پێناوی کوردایەتی بایی یەک توسقال زەرەریان کردبێت ئیستا بە هۆی هەندی لیپرسراو خۆیان گەیاندوە بە سەنتەری بڕیار بە دەستانی کوردستان، وە بە زۆر شێوە توانیویان خۆیان دەوڵەمەند بکەن، بەڵام دەبێت سەرکردایەتی کورد دەستی ئەو کەسانە ببڕن کە بە شێوەیەکی نا شەرعی دەوڵەمەند بوونە لە ڕێگای حیزبەکان، ئەوانەش دەبی لە سەر خۆو هێمنانە کاریان لە گەڵدا بکرێت، بەڵام لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە هیچ ئیجرائاتێکی تر لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان قەبووڵ نیەو ناکرێت، باشە دیارە تەنها لە ناو ڕیزەکانی ی.ن.ک خەڵکی دزو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

21-9-2007 17:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

گەندەڵ هەیە؟ باشە ئەی حیزبەکانی تر خۆ ئەگەر زیاتریشیان نەکردبێت بە قەدەر ئەوانیان کردوە، بۆ دەبێ تەنها ماڵی یەکێتیەکان تالان بکرێت دیارە ئەوان لە دایکە عارەبەکەن یان لێمان هاتوە دەبێ هەر ئێمە ماڵمان تالان بکرێت، ئەگەر نا ئەو کارە لەوە گەورەترە کە باسی دەکەن، ئەوە کاریکی بەرنامە بۆ دارژراوە بۆ ئەوەی لەو بارو دۆخە ناسکەی کە یەکێتی پیا دەروات ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە بیانەوێت غەدریك بکەن و خەڵک لە سەرکردەکانی یەکیتی هان بدەن بۆ چەند دەسکەوتێکی ماددیو سیاسی، بەڵام شتێکی زۆر گرنگ هەیە دەبی هەموو ناحەزانی یەکێتی بیزانن ئەوەیە یەکێتی ئەگەر پەڕوو باڵیشی شێوا بێت بەڵام نوکی و دندوکەکانی زۆر تیژ و بە کارە هەر وەک (هەڵۆ) ئاسا بە نوکو چرنوکەکانی دوژمنانی لێک و پێک دەکاتەوە، هەر جموو جۆڵێک بۆ خەنجەر لێدانی یەکێتی لە پشتەوە وا بە ئاسانی قەبووڵناکرێت لەلایەن جەماوەری تێکۆشەری یەکێتی و خانەوادەی شەهیدان وەڵامێکی توند دەدرێتەوە، ئەگەر بەڕاستی ئێوە خەمی یەکیتیتانە فەرموون ئەوە گەزوو ئەوە جاو ڕەخنە بگرن خەڵکانی خراپ و دزوو جەردەوگەندەڵ و مشەخۆر بۆ جەماوەر ئاشکرا بکەن، بەڵام بە بەڵگەو دیکۆمێنت ئەوا پێتان دەڵیین زۆر سوپاس بەڕاستی ئێوە خەمخۆری یەکێتین، بەڵام بەم شێوەی کە خۆتان ناساندوە ئەگەر شتی وا هەبێت ئەوا خۆتان پێش لە دایک بوونتان وەفاتنامەی خۆتان لە گەڵ خۆتان هێناوە، خانەوادەی شەهیدان چاوی لە دەستی ئێوە نیە وەکوو هێزی (ئار ئار) ماڵی لێپرسراوانمان بۆ تالان بکەن و پیاوەتی بە ئاوی حەمام بکەن ئەوەیە خەونی حوشتر کە ئێوە دەیبینن، زۆر کەسی وەکوو ئێوە بەم ناوە ڕەونەقدارانە هات و دەستە گولی خۆی وەشاند و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون، بە چەندین شێوازی جیا جیا خۆیان خزاندە ناو خەڵک لە دواییش دەرچوو هەر هەموویان مافیان و تانها مەبەستیان ڕوتاندنەوەی خەڵک بووە، بۆیە ئێوەش لەوانی پێش خۆتان باشترنین کورد ووتەنی (بەو کەسە دەڵێن پیاوی ئەقڵ دار لە شوێنێک دوو جار پیی وەنادا مار) ئەو قەسپەی ئێوە خواردوتانە ئەوە ناوکەکەی لە گیرفانی ئێمەیە، هەر شەکاوەبێت ئێلا سەوزەکەی (ی.ن.ک) هەر پۆچەڵ بێت هەوڵە نەزۆکەکان بۆ بەربەست دروست کردن لە سەر ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، با بڕوتێنەوە دزوو گەندەڵچیەکان بمرن تالان چیەکان. بژی کورد بژی کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.